# چواردەیەم: قوتابخانەی رەخنەیی و ئاسایش(CRITICAL THEORY)

لەوباسەدا باس لەورێگایانە کراوە کە تیۆری رەخنەیی تیایدا دەبێتە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی خودی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش. سەرەتا، بە پووختی باس لە مێژووی سەرهەڵدانی تیۆری رەخنەیی، قوتابخانە و بنەما سەرەکییەکانی کراوە. لە دیارترین بنەماکانی تیۆری رەخنەیی لەوباسەدا گرینگیی پێدراوە بریتین لە پەیوەندیی نێوان هێزو مەعریفەت، هەروەها رزگاربوون emancipation. پۆست-مۆدێرنیزم و پۆست-سستراکچەرالیزم دوو رێبازی گرینگیی تیۆری رەخنەیین، هەروەها لە باسێکی جیادا باس لە فیمینیزم وەکو ئەندامێکی ئەوتیۆرە کراوە. لە دوای ئەوەدا بە پووختی تیۆری رەخنەیی ئاسایش critical security studies وەکو هەوڵێکی گرینگ بۆ رەخنەگرتن لە چەمک و گریمانە زاڵەکانی تیۆرە باوەکان خراوەتە روو. لە کۆتایی ئەو باسەدا، ئاماژە بەوە کراوە چۆن ئەو رێبازە یارمەتیدەر دەبێت بە رەخنەگرتن لە موماڕەسە و سیاسەتەکانی ئاسایش، ئەویش لە رێگای جەخت کردنە سەر ئەزموونی تاکەکان لەگەڵ ئەوموماڕەسانەی ئاسایش و بیرکردنەوە لە جێگرەوەی جیاواز لە پێناو رزگاربوونی تاکەکان لە دەست هەل و مەرجە سەپێنراوەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، تا ئێستا تیۆری رەخنەیی لەدەرەوەی کایەی دروستکەرانی بڕیاری ئاسایشە و هەر لە چوارچێوەی کاری زانکۆکان و سەنتەرە توێژینەوەکاندا ماوەتەوە.

## پێشەکی

هەقیقەت و داکەوتە چییە؟ مەعریفەت چییە؟ وە دەکرێت چی بکرێت بۆروونکردنەوەی هەقیقەت؟ ئامانجی ئەوباسە دەرخستنی هەموو ئەورەخنانەیە ئاراستەی تیۆرە پۆزەتیڤیستییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش کراوە لەلایەن تیۆریزانە رەخنەییەکان و پۆست مۆدێرنیستەکان و پۆست ستراکچەرالیستەکان. لەوچەند دەیەی دواییدا، تیۆری رەخنەیی زۆربەهێز هاتۆتە نێو ئەجێندای کارەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشەوە. رەنگە تاکە شت هەموو شارەزا و هزرمەندە جیاوازەکان کە خۆیان لە چوارچێوەی تیۆری رەخنەگرانەدا دەبیننەوە لێی هاوبەش بن بریتییە لە سیاسەتی رزگاربوون (emancipation)، لێرەدا بە پووختی باسی لێوە کراوە.

تیۆری رەخنەیی ئاسایش هەوڵی بەناسروشتیکردنی و بەمێژوویکردنی هەموو پرسە سیاسییە دروست کراوەکانی دەستی مرۆڤەکان دەدەن. ئەوکارە بۆ مەبەستی لادانی فۆرمەکانی ناعەدالەتی و دەست بەسەرداگرتنە لە کۆمەڵگادا. پرسیاردەخاتە سەرراست و دروستی هەموو مەعریفەتەکانی نێو جیهانی سیاسەت، وە کێشەرێژکردنی تیۆرەکان کە بوونەتە رێبەست لەبەردەم رزگارکردنی مرۆڤەکان (دیڤیتاک، ٢٠٠٥: ١٤٠). لەگەڵ ئەوەی بەریانی تیۆری رەخنەیی بەرەو ئایندەیە،

تێگەیشتن لە مەعریفەت وەکو پرۆسەیەکی مێژوویی دەبێتە هۆی دووبارە بیرکردنەوە لە رابردوو لە پێناو دووبارە بونیادنانەوە ئایندە (بۆتس، ٢٠١٠: ٣٥٢). هەڵدانەوەی مێژوو یەکێکە لە ئامرازەکانی گەیشتن بە مەبەستی رزگاربوون. چونکە کۆمەڵێک پیادەی ئاسایش هەیە رەوایەتی وگونجاوبوونیان لە مێژووەوەردەگرن، وە ئەو پابەندبوونەش بە مێژوو بوارێکی بۆ گۆڕانکاری ئاواڵە نەکردووە. زۆربەی گریمانە و بانگەشەکانی تیۆری رەخنەیی لە دیسیپلینەکانی دیکەی وەکو فەلسەفە و مێژوو و ئەدەب و زمانزانییەوە دێت، بەڵام کارە تەفسیری و پێوەرەکییەکانیان بابەتەکانی دیراسەتی ئاسایشیان زیاتر دەوڵەمەند کردووە.

## *تیۆری رەخنەیی کلاسیک و رادیکاڵی*

مێژووی لێکۆڵینەوەکانی رەخنەیی ئاسایش (critical security studies) وەکو قوتابخانەیەکی جیا دەگەڕێتەوە بۆ نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، بەڵام مێژووی تیۆری رەخنەیی مێژوویەکی زۆر درێژتری هەیە. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، وە بە درێژایی جەنگی سارد، جۆرێک لە ئاماژەی دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەکانی رەخنەیی ئاسایش دەرکەوت. لەو قۆناغەدا هاوڵاتیان، گرووپ و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، رۆشەنبیرەکان و چالاکوانەکان داوای دووبارە پێداچوونەوەیان بە چۆنیەتی بیرکردنەوە لە پیادەکانی ئاسایش کرد کە ببوونە رێبەست لەبەردەم تێپەڕاندنی قۆناغی گواستنەوەی زۆربەی وڵاتەکانی رۆژئاوا.

مێژووی تیۆری رەخنەیی دەکرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ کانت، بەڵام کارەکانی قوتابخانەی 'فرانکفۆرت' راستەوخۆ بۆ مەبەستی تیۆری رەخنەیی دروست بوو. بابەتی سەرەکی قوتابخانەی فرانکفۆرت بریتی بوو لە نیگەرانی لەسەر تێگەیشتن لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای سەردەم لە رێگای تێگەیشتنی رەگ وریشەی مێژووی و فراژووتنی کۆمەڵایەتی، وە پەردە لادان لەسەر تێکهەڵچڕژان و دژ بە یەکییەکانی سەردەمی ئێستا لە پێناو ئەگەری تێپەڕاندنی کۆمەڵگای سەردەم و فۆڕمەکانی کۆنترۆڵکردن تیایدا (دیڤیتاک، ٢٠٠٥: ١٣٨). لێرەدا بە روونی کاریگەری گووتە بەناوبانگەکەی مارکس لەسەرفرانکفۆرتییەکان بەدەردەکەوێت: 'فەیلەسوفەکان تەنها تەفسیری جیهانیان لە چەند رێگایەکی جیاوازەوە کردووە، بەڵام خاڵی سەرەکی دەبێت بۆ گۆڕینی جیهان بێت' (مارکس، ١٩٧٨: ١٥٨). لە کارە سەرەکییەکان قوتابخانەی فرانکفۆرت جیاوازی کردن بوو لە نێوان 'تیۆری کلاسیکی' و 'تیۆری رەخنەیی' لە لایەن ماکس هۆرکهایمەرەوە. لای هۆرکهایمەر، تیۆری کلاسیکی پێناسە دەکرێت بە بەشتکردنی ئایدیاکان (reification) بۆ دامەزراوەکان، دواتر وەکو هەقیقەتێکی نەگۆڕی ژیان سەیر دەکرێن، بە شێوەیەک دەبێت بە ناچاری مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. چەمکەکانی تیۆری

کلاسیکی وێنەی تیۆریزان لە دوورەوە و بەدوور لە ئامرازەکانی شیکردنەوە دەکێشێت. تیۆری کلاسیکی بانگەشەی جیاکردنەوەی ئۆبجێکت و سۆبژە لە یەکدی دەکات بۆ ئەوەی بە گونجاوی بچێتە پرۆسەی تیۆریزەکردن بە ڕێگای میتۆدە پۆزەتیڤیستییەکانەوە. تیۆری کلاسیکی شیمانەی ئەوە دەکات جیهانی راستەقینە بوونی هەیە و دەکرێ بخوێندرێت ئەویش تەنها لە ڕێگای ئەزموونکردنیەوە. تیۆریزان دەتوانێت بابەتەکی بێت بێ گوێدانە ئەو بەهایانەی هەڵیگرتووە (دیڤیتاک، ٢٠٠٥: ١٣٩).
لە بەرامبەردا، تیۆری رەخنەیی، بەتەوای رەتی گریمانە و چەمکەکانی تیۆری کلاسیکی دەکاتەوە بەوەی تیۆر هەرگیز بێ کاریگەری بەهاکان نابێت (value-free)، بەڵکوو بەها لە خۆ دەگرێت (value-laden) (جاکسۆن و سۆرنسن، ٢٠١٣: ٢٣٢-٢٣٣).
لە تیۆری رەخنەییدا جەخت دەکرێتە سەر رۆڵی چەند ئەکتەرێک لە دروستکردنی سیستەمی باو و زاڵی چەمکەکاندا. یەکێک لەو ئەرکە گرینگانەی تیۆریزانە رەخنەییەکان بە ناسروشتیکردن و تێکشکاندنی دۆخی 'ئێستا'یە، کە بۆ زۆرێک وەکو هەقیقەتێکی نەگۆڕ وەرگیراوە. denaturalise ئەمەش ڕێگا بۆبکەرە مرۆییەکان دەکاتەوە بیرلە چارەسەرییەک بکەنەوە لەسەرووی تیۆری چارەسەر کردنی کێشە (problem-solving theory) (جۆنس، ١٩٩٩:٩٧).
تیۆرەکان بەردەوام لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەرجەستە بوونە، ئەوە خاڵی دەرچوونی ئەو ڕێبازەیە، لێرەوە چەمکەکانی تیۆری رەخنەیی ڕێگە بە هەڵسەنگاندنی ئەو مەبەست و کارانە دەدا کە تیۆرەکان هێناویانەتە بوون. هۆرکهایمەر(١٩٧٢: ٢١٥) پێیوایە ئامانجی تیۆری رەخنەیی باشترکردنی ژیان و بوونی مرۆڤەکانە بە لادانی ناعەدالەتییەکان. ئەو جۆرە بیرکردنەوە لە تیۆر تەنها دەربڕینێک نییە لە بارێکی مێژوویدا، بەڵکوو وەکو هێزێکی گۆڕانکاریکردن لە کۆمەڵگادا کار دەکات، ڕێگە بە دەستتێوەردانی مرۆڤەکان دەدات لە نووسینەوە و دروستکردنەوەی مێژووی خۆیان. هەروەها فرانکفۆرتییەکان رەخنە لە تیۆریزانە پۆزەتیڤیستییەکان دەگرن کە باوەڕیان وایە مەعریفەتی بابەتەکی لە کۆمەڵگادا مومکینە. هۆرکهایمەر دەگاتە ئەو دەرەنجامەی راشنالیزم مرۆڤەکانی بۆ دەست بەزەیی ئەوانەی هێزی بەکارهێنانی مەعریفەتیان هەیە بە جێهێشتووە بۆ رایەڵەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زیادکردنی توانای ئابووریی دەسەڵاتداران (وەرگیراوە لە: لینکلاتەر، ٢٠٠٧: ٤٧).
کارەکانی رۆبەرت کۆکس بووە هۆی ئاگایی قوتابییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بە ئایدیاکانی ئەنتۆنیۆ گرامشی، لە ڕێگای جیاکردنەوەی 'تیۆری رەخنەیی لەگەڵ 'تیۆری چارەسەرکردنی کێشە'. تیۆری رەخنەیی خۆی لە سیستەمی زاڵ وباو بە دوور دەگرێت،

پرسیار لەسەر بوونی ئەو سیستەمە دەکات، بەڵام تیۆری چارەسەرکردنی کێشە پەیوەستە بە ناوەڕۆکەکانی ئەو سیستەمە، سەیری جیهان دەکات تەنها بەوشێوەیەی دەیانبینن. بۆ ئەوەی دامەزراوەکان وپەیوەندییەکانی نێوئەوسیستەمە بێ کێشە کاربکەن، پرسیارناخاتە سەرسیستەمی ئێستا، بەڵکوو کاریگەری هەیە لەسەررەوایەتی پێدان و بەشتکردنیان (کۆکس، ١٩٨١: ١٢٨-١٢٩). تیۆری رەخنەیی بە تەواوەتی هەوڵی پشت گوێ خستنی هەل و مەرجەکانی زاڵ و باوی ئێستا نادات. دان بەوەدا دەنێت مرۆڤەکان مێژووی خۆیان لە ژێر باری بژاردەکانیان دروست ناکەن. هەروەک مارکس دەنووسێت:

'پیاوەکان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، بەلام بەوشێوەیە نا کە خۆیان دەیانەوێت: ئەوان مێژوو دروست ناکەن لە ژێر ئەو بارانەی خۆیان هەڵیان بژاردووە، بەڵکوو لە ژێر بارێکدا کە راستەوخۆ بەرجەستە بووە، لە ڕابردوو هاتووە وگواستراوەتەوە. ژیان ونەرێتی نەوە مردووەکان زۆربە ئاشکرایی بووەتە کابوسێک لە مێشکی هەموو زیندووەکاندا'.

زۆر جار رەخنەیەک بە هەڵە هاتووە کە تیۆری رەخنەیی ئامانجی چارەسەکردنی کێشەکانی نییە، وە تەنها یۆتۆبیایەکە. ڕاستی ئەوە هەڵەبینین و هەڵەلێکدانەوەیە، تیۆری رەخنەیی گرینگیی بە چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات بەڵام نەوەک بە پشت گوێ خستنی ئەوڕوانگە مێژووییانەی کە لە بنەڕەتدا کێشەکانیان دروست کردووە، وە پێشنیازی بەدیلێک دەکات بۆ دەربازبوون لە سیستەمی زاڵدا. تیۆری رەخنەیی ئاسایش گرینگە بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئێمە لەسەر ئەو واقیعەی بووەتە مەعریفەتێکی باوەڕپێکراو، وە یارمەتیدەری ئێمە دەبێت لە گۆڕینی ئەوواقیعە.

بابەتە سەرەکییەکانی تیۆری رەخنەیی کلاسیک وڕادیکاڵی

لەگەڵ ئاڵۆزی و جیاوازی نێوان قوتابخانە کلاسیکی و رادیکاڵییەکانی تیۆری رەخنەیی، دەکرێت بیرکردنەوەکانیان لە هەشت بابەتدا کۆبکرێنەوە:

بابەتی یەکەم: هەموو مەعریفەتێک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە.

بابەتی دووەم: تیۆری کلاسیکی دەرگیرە لەگەڵ سروشتگەرایی وکوورتگەرایی.

بابەتی سێیەم: تیۆری رەخنەیی بنەمایەک بۆ بەرەوپێشچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات.

بابەتی چوارەم: تاقیکردنەوەی تیۆر بریتییە لە رزگاربوون، هەر تیۆرێک ئەگەر مەبەست لێی رزگارکردنی تاکەکان نەبێت، ئەوا تیۆرێکی دروست نییە.

بابەتی پێنجەم: کۆمەڵگای مرۆیی بریتییە لە دروستکراوی مرۆڤەکان خۆیان.

**بابەتی شەشەم: تیۆرە رەجعییەکان دەستیان بەسەرسیاسەتی نێوان نەتەوەکاندا گرتووە.**

**بابەتی هەفتەم: دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەبێت بەناسروشتی بکرێن، پیرلە ئەلتەرناتیڤی گونجاو بکرێتەوە.**

**بابەتی هەشتەم: پەرەسەندنی بەهاکانی سیستەمی جیهانی دەبێت ئامراز و ئامانجەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی بە شێوەیەک دابرێژێت کە مەبەست لێی سەرخستنی ئاسایشی جیهانی بێت.**

**لە ژێررۆشنایی ئەوهەشت بابەتەی سەرەوە دەتوانین باس لە سەرەکیترین بنەماکانی تیۆری رەخنەیی بکەین. یەکەم، خوێندنی ئاسایش دەبێت دەربارەی رزگاربوون (emancipation) بێت. لێکۆڵینەوەکانی کلاسیکی ئاسایش بە تەنها کاری لەسەرشێوازو چۆنیەتی مامەڵەی وڵاتەکان لەگەڵ یەکدی دەکرد، نەوەک لەسەرچۆنیەتی مامەڵەی وڵاتەکان لەگەڵ هاوڵاتیەکانیان (لینکالتەر، ٢٠٠٥: ١١٨). هەرچی مەعریفەتێک تیۆریزانە رەخنەییەکان کۆی دەکەنەوە، هەمووی بە مەبەستی بارگۆزاندن (transformation) و گۆرانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. بۆ بەدەست هێنانی ئەو مەبەستە، یەکەم هەنگاو بریتیی دەبێت لە خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ تێگەیشتنەکانی هەنووکەیی لەسەر بابەتەکانی ئاسایش، بۆ پەی بردن و روونکردنەوەی داکەوتەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، هەروەها دەربارەی چۆنیەتی گەشەکردنیان بە پێی قۆناغە مێژووییەکان (ڤایۆتی و کاوپی، ٢٠١٠: ٣٤٠).**

**دووەم، تیۆریزانە رەخنەییەکان لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان مەعریفەت و بەرژەوەندی دەکەن. مەعریفەت بە سروشتی خۆی سیاسییە. هێزو مەعریفەت تەواوکەری دوولایەنەی یەکدین، هەردووک راستەوخۆ یەکدی تەواو دەکەن (فۆکۆ، ١٩٧٧: ٢٧). بە گووتە بەناوبانگەکەی رۆبەرت کۆکس (١٩٨٦: ٢٠٧): 'تیۆر هەمیشە بۆ چەند کەسانێکە و هەروەها بۆ چەند مەبەستێکە'. چونکە تیۆریزانەکان رۆچوونەتە نێون ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تیۆریزانە رەخنەییەکان خەریکی هەڵسەنگاندنی مەبەست و ئامانجی تیۆریزانەکانن. تیۆریزانە رەخنەییەکان رەخنە لە تیۆریزانە پۆزەتیڤیستەکان دەگرن و پێیان وایە ناتوانن بێ لایەن بن، وە رەنگە ببنە بەشێک لە لە ئەجێندای ئەکتەرێک بۆرەوایەتی دان بە دۆخ و سیستەمێک.**

**سێیەم، دوا بەدوای خاڵەکانی سەروو، تیۆریزانە رەخنەییەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە کارەکانی ریالیستەکان و لیبراڵەکان کرد. وڵاتەکان لە بەر زۆر هۆکار دەچنە جەنگەوە، بەڵام لە هەمووی گرینگتر، لە روانگەی تیۆریزانە رەخنەییەکان جەنگ ئامرازێکی راشنالیستانەی سیاسەتی دەوڵەتە، وە لە هەناوی سیاسەت ودونیای مۆدێرندا لە نێو خودی دەوڵەت وسیستەمدا خۆی بەیان کردووە.**

بەو واتایەی کە تێڕوانینە کلاسیکیەکان لەسەر جەنگ و ئاسایش لە سروشتی دەوڵەتی مۆدێرندا بەشێوەیەک سەیرکراوە، کە راپەڕاندن و ئەنجامدانیان تەنها وەکو بەشێک لە ئەرکەکانی دەوڵەتی مۆدێرن سەیر دەکرێت و پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە.

لە لای تیۆریزانە رەخنەییەکان، هەردوو تیۆری باو ریالیزم و لیبرالیزم بەشێکن لە 'رێبازی چارەسەرکردنی کێشە'.. بە هەمان شێوە، کاتێک ئەو دوو تیۆرە لێکدانەوە بۆ پرسەکانی ئاسایش دەکەن، پێیان وایە دەبێت وەکو کێشەیەک سەیر بکرێت و دەتواندرێت چارەسەرێکی خودکاری بۆ بدۆزرێتەوە. تیۆری رەخنەیی پێیوایە جۆرێک لە لایەنگیری هەیە لە بەرژەوەندی دەست پێوەگرتنی هەل و مەرجەکانی دۆخی هەنووکەیی سیاسەتی نێونەتەوەیی. بە گوێرەی تیۆریزانە رەخنەییەکان ئامانجی گۆڕانی ریشەیی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بۆ مەبەستی تەرخانکردنی ژیانێکی باشتر بۆ زۆرینەی مرۆڤایەتی ئامانجی کاری ریالیست و لیبراڵەکان نەبووە.

ئامانجێکی سەرەکی دیکەی تیۆری رەخنەیی روون کردنەوە و دەرخستنی هێزە شاراوەکانە، ئەو هێز و پاڵنەرانەی ناوەڕۆکی تیۆرەکان پێک دەهێنن. لەبەر ئەوە زۆربەی رەخنەکانی تیۆریزانە رەخنەییەکان لەسەر نیوریالیستەکان بووە کە تیۆرەکانیان بەئاگا و بێ ئاگا رەوایەتی بە دەوڵەت و پەیوەندییەکانی نێوانیان دەدەن. تەنانەت بۆ هەندێک لە تیۆریزانە رەخنەییەکان، دەگەنە ئەو خاڵەی بڵێن ریالیزم و لیبرالیزم تیۆری راستەقینە نین، بەڵکوو چیرۆک و ئایدیۆلۆژیایەکن خزمەتی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی سیستەم و نوخبەکانی دەکەن. هەروەک ریتشارد ئاشلی دەنووسێت:

"ئەوەی لە پۆزەتیڤیستی ساختاری دەردەکەوێت دەست وپەنجە نەرم کردنە لەگەڵ سیستەمی بەرکار و بەرجەست وەکو سیستەمێکی سروشتی، خیتابی سیاسی سنووردار دەکات نەوەک فراوانی بکات، جیاوازییەکان لە کات و شوێندا بەخراپ وهیچ وبێ مانا دەبینێت، هەموو پیادەکان دەخاتە ژێردەستی بەرژەوەندی دەسەڵات، چۆک دادەنێت بۆ هێزە ئایدیالی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەرووی بەرپرسیاریەتییەوە، هەروەها ئەو کارە دەبێتە هۆی تەحریمکردنی کارلێکە سیاسییەکانی ئەو کەسانەی کە بە توانای پیادە کردنیان دەتوانن فێرکاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانێکی داهێنانە بهێننە کایەوە. ئەوەی دەردەکەوێت ئایدیۆلۆژیایەکە چاوەڕوان و شەرعیەت پێدەر و ئاراستەکردنی پرۆژەیەکی تۆتالیتاریای جهانییە: بەماددیکردنی سیاسەتی جهانی". (١٩٨٦: ٢٥٨).

نیولیبراڵەکانیش بەهەمان شێوەی نیوریالیستەکان، دەکەونە بەر خوێندنەوەیەکی وردی تیۆریزانە رەخنەییەکان. هەروەک رۆبەرت کۆکس (١٩٨٦: ١٧٣) مشت و مڕی ئەوە دەکات نیولیبرالیزم لە نێوان

سیستەمی وڵاتەکان و جیهانی سەرمایەداری ئابوورییەوە هەڵکەوتووە، تەنها هەوڵێکە بۆ روون کردنەوەی چۆنیەتی پێکەوە کارکردنی دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداری ئابووری.

## پۆست مۆدێرنیزم

هەندێ جیاوازی دەکەن لە نێوان پۆستمۆدێرنیستەکان و تیۆریزانە رەخنەییەکان، بەڵام نووسین و تێگەیشتنەکانیان تێکەڵی یەکدین و هەموویان دەچنە یەک بەرەوە. لە روانگەی پۆستمۆدێرنیستەکان، هەموو ئەوشتانەی دەیانبینین، ئەوانەی هەڵیان دەبژێرین بۆ قسەکردن، وە ئەو میکانیزم و میتۆدانەی بەکاریان دەهێنین هەموویان دروستکراوی مرۆڤن، وە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەوەستێتە سەر بەرهەست و پرۆسەی ژیری کاریگەر بە تێگەیشتنە بەرایییەکان (جاکسۆن و سۆرنسن، ٢٠١٣: ٢٣٣). تەنانەت ئەو زمانەی بۆ شیکردنەوەی ئاسایش بەکاردەهێندرێت لە نێو کۆمەڵێک بەهادا بەرجەستە بووە، بەشی ناوەخۆی هەر کلتورێکن و هەروەها لە نێو نارەتیڤ و چیرۆکەکاندایە کە خەڵکی بۆ ویناکردنی لێکدانەوە و تێگەیشتنەکانیان لەسەر ئەزموونەکانیان لە جیهاندا بەکار دەهێنن. وەکو رێگایەک بۆ تیگەیشتنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، پۆست مۆدێرنیستەکان کار لەسەر تێکشکانی زمانەوانی (linguistic deconstruction) هەموو ئەوشتانەی نوسراون و گووتراون دەکەن.

یەکەم: پۆست مۆدێرنیستەکان گریمانەی پەیوەندییەکی توند لە نێوان هێزو مەعریفەتدا دەکەن. بە پشت بەستن بە ئەرگومێنتەکانی میشێل فۆکۆ، پۆست مۆدێرنیستەکان پێیانوایە بەرهەمهێنانی مەعریفەت پرۆسەیەکی سیاسییە پەیوەندیی بە پشتگیریکردنی هێزەوە هەیە. ئەوە نە تەنها لەسەر پرسەکانی ئاسایش جێبەجێ دەبێت، بەڵکوو لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی سیاسی کە سیاسەت تیایدا مومارەسە دەکرێت.

هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا بوونی نییە. واقیعی ئاسایش لەلایەن زمانەوە دادەرێژرێت، هەروەها گەشەسەندنی گوتارە زمانەوانییەکان دەرەنجامی ساختاریا سیستەمێکە کە مەعریفەت، سۆبژە و ئۆبجێکتەکانی لە خۆگرتووە. گەشەسەندنی چەمک و گریمانەکانی وەکو سەروەری، دەوڵەت، ئەنارکی، سنوور، ئاسایش، وناسنامە مرۆییەکان ناوەڕۆکی زۆربەی کارەکانی پۆست مۆدێرنیستەکانن. لەبەر ئەوە ئامانجی سەرەکی تیۆری رەخنەیی پەردە لادانە لەسەر ئەو سیاسەتەی لە پشتەوەی مەعریفەتدا هەیە بە مەبەستی دارشتن و دیزاین کردنی هەڕەشەکانی سەرئاسایش.

دووەم: لە رووی ڕێبازدۆزییەوە، زۆرێک لە پۆست مۆدێرنیستەکان دەگەڕێنەوە بۆ فرێدریک نیتشە لە گەڕانەوە بۆ رەگ وریشە و جینیۆلۆجی پەیوەندیی نێوان مەعریفەت و هێز. هەروەها بۆ هەڵتەکاندنی خیتابی وەکو 'سەروەری' و 'ئەنارکی'. مەعریفەت بەردەوام مەرجدار کراوە بە کاتێک و شوێنێکی دیاریکراوەوە. هەروەها پۆست مۆدێرنیستەکان وێڵی هەموو ئەو بابەتانەن لە گێڕانەوە و نارەتیڤە مێژوویەکاندا دوورخراونەتەوە. میشێل فۆکۆ، لە شێتی، سێکچوالێتی، وسزدا، دەریدەخات چۆن ئەو چەمکانەی ئێمە بەکاریان دەهێنین پێکەوە گەشەیان کردووە وکۆمەڵایەتیانە دروستبوونە بە درێژایی مێژوو. دوای کارەکانی نیتشە و فۆکۆ، پۆست مۆدێرنیستەکان دەگەڕێنەوە بۆ کارەکانی ژاک درێدا، کە کاری لەسەر تێکشاندنی تێکستەکان دەکرد بە مەبەستی پەردە لادان لەسەر ئەو چەمکانەی رۆچوونەتە نێو کار و قسەکانمان. لای درێدا زاراوەی تێکست تەنها مەبەست لەو شتانە نییە نوسراون، بەڵکوو بریتییە لە خوازراوێک (میتافۆر) بۆ پێویستی تێگەیشتن لە جیهاندا وەکو یەکەیەک، هەروەها چۆن تەفسیرە جیاوازەکان نەوەک تەنها گوزارشت لە جیهان دەکەن، بەڵکوو دروستی دەکەن.

سێیەم: لە هەڵدانەوەی جینیۆلۆجی گوتارە زاڵەکان و پەیوەندییەکانی نێوان مەعریفەت و هێز، پۆست مۆدێرنیستەکان پەردە لەسەرروانگە ناکۆکەکانی مێژوو، نارەتیڤ، چیرۆک و داستانەکان لا دەدەن. یەک هەقیقەتی مێژوویی بوونی نییە، بەڵکوو چەند هەقیقەتێک، هەروەها ئێمە هیچ ستانداردێکمان بۆ حوکمدان لەسەریان نییە، چونە هیچ ستانداردێکی بابەتەکی بۆ هەقیقەت لە بنەڕەتدا بوونی نییە.

چوارەم: بۆ زۆرێک لە پۆست مۆدێرنیستەکان زمانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان زمانێک بووە رێگەی لە هەر ئەلتەرناتیف و فۆرمێکی دیکەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرتووە. وڵاتەکان نەوەک هەرتەنها بە ئاسانی هێزبەکاردەهێنن بۆبەدەست هێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵکوو ڕەهەندی توندوتیژی ڕەهەندێکی زۆر گرینگە لە مێژووی بونیادنانی خودی دەوڵەتی مۆدێرن. هێز و توندوتیژی بەشێکن لە سروشتی دروست بوونی دەوڵەتی مۆدێرن (بڕوانە: های، ٢٠٠٢؛ دیڤیتاک، ٢٠٠٥؛ فینلایسۆن و مارتن، ٢٠٠٦، ڤایۆتی و کاوپی، ٢٠١٠ و ویلیامس، ٢٠١٣).

بە کورتی، پۆست مۆدێرنیستەکان دەچنە قوڵاییەکانەوە، ئەو ووشە و دەستەواژە و زاراوانەی کە بیرکردنەوەی تاکەکانیان سنووردار کردووە تێک دەشکێنن. لە هەمووی گرینگتر کار لەسەر دەرخستنی مەبەستەکانی پشتەوەی هێنانە بوونی نارەتیڤ و تێکستەکان دەکەن. مرۆڤەکان خۆیان

سەرچاوەی هەموو ئەو مەعریفەتانەن دەربارەی ژیان هەیانە. تەنانەت ئەو ناسنامانەی ئێمە لە دەرەنجامی تێگەیشتنی خۆمان لە جیهاندا پەیدا بووە، جگە لەمەش خۆیی و لاینەگیرانە پێناسەکراوە لە لایەن هەریەکێک لە ئێمەوە لە پەیوەندیی بە ئەوانی دیکەوە.

## *پۆست ستراکچەرالیزم POST-STRUCTURALISM*

"ئەگەر ئێمە رەتمان کردووە ئاسایش چۆن بۆ ئێمە هاتووە، وەکو سیاسەتێکی حەتمی و بەڵێن و پەیمانی پاراستن، ئێمە دەتوانین باشتر لەوە تێبگەین ئاسایش چۆن دروست بووە و چۆن ئێمەی دروست کردووە" (بۆرک، ٢٠١٣: ٧٨).

زۆرێک لە پۆست ستراکچەرالیستەکان حەزیان لە نازناوی پۆست ستراکچەرالیست نییە. کارەکانیان زیاتر لە چوارچێوەی چەندین دیسیپلینی جیاوازدا (interdisciplinary) دەبیننەوە، پشتگیری گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتە جیاوازەکان دەکەن، وەکو دیسیپلینەکانی ئەنترۆپۆلۆجی، جیۆگرافی، ئەدەبیات، کۆمەڵناسی و فیلم و هونەر. ئەو شێوازە خوێندنەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەکرێت کوورت بکرێتەوە لەسەر چەند بابەتێک: سەبجێکتیڤیتی، بابەتەکییەتی، جینیۆلۆجی، تێکشکاندن، خیتاب، زمان، ناسنامە و شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی هێز. زۆرێک لە فیمینیست و پۆست کۆنۆلۆیانیستەکان خۆیان وەکو پۆست ستراکچەرالیست دەبینن.

زیاتر لەوەی وەکو تیۆرێک یا روانینێک ببیندرێت، پۆست ستراکچەرالیزم زیاتر رەخنەیەکە لە سەر پرۆسەی سەیرکردن و تێگەیشتن لە جیهانی سیاسەت. پۆست ستراکچەرالیزم دەکرێت پێناسە بکرێت وەکو دونیابینینێک. پۆست ستراکچەرالیستەکان هەوڵی تەرخانکردنی تیۆرێکی گەورە نادەن، بەڵکوو کار لەسەر هەڵسەنگاندنی وردی چۆنیەتی پەیدابوون و دەرکەوتنی جیهان بەو شێوەیەی بۆ ئێمە هاتووە لە کاتێک و مێژوویەکی دیاریکراودا دەدەن. بۆ خوێندنی چۆنیەتی شێوەی پیادەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو یا ئەو رێ و شوێنانەی خەڵک دەیگرنە بەر، پۆست ستراکچەرالیستەکان جەخت دەکەنە سەر پەیوەندییەکانی هێز (power relations) و رێگاکانی بیرکردنەوەی بەرهەم هێنان و پشتگیریکردنی ئەو پەیوەندییانە. ئەو تیۆرانەی لەسەر تێگەیشتن لە جیهانی سیاسەت نووسراون، لە روانگەی پۆست ستراکچەرالیستەکان وەکو بەشێک لە جیهان سەیر دەکرێت، نەوەک جیاواز لێی (ئیدکین، ٢٠٠٧: ٨٨).

پۆست ستراکچەرالیستەکان جەخت لەسەرئەوە دەکەن هەموو چەمک و تیۆرەکان لە رێگای زمانەوە دەردەبردرێن، ئەمەش خودی خۆی دەرەنجامی پەیوەندییەکانی هێزە. هەروەها پۆست ستراکچەرالیستەکان کاریان لەسەر پەیوەندیی نێوان هێز و رژێمە هزرییەکان لە رێگای بەکارهێنانی

پیرۆکەی گوتار (discourse) دەکرد. سەیرکردنی ئاسایش وەکو زمان، بە مانای ئەوە دێت سەیری ئاسایش بکرێت وەکو بونیادنان، پەیوەندیی، تێگەیشتن و تەفسیرکردن. ڕەخنە لە مومارەسە و سیاسەتەکانی ئاسایش دەگرێت کە چۆن بوونەتە هۆی پێدانی مانایەکی جێگیر بە ئاسایش هەروەکو هەقیقەتێکی نەگۆڕ بێت. خودی گوتارەکان خۆیان مانا و مەعریفەت بەرهەم دەهێنن. ئەوە تەنها لە ڕێگای زمانەوەیە شت و بابەت و ساختارە ماددییەکان مانا وەردەگرن. قسەکردن لەسەر گوتاری ئاسایش ڕێگە بە ڕەخنە گرتن لەسەرسیستەمی زاڵ وباوەدەدات، ڕەخنە لە هەموو ئەوشتانە دەگرێت کە بوونەتە شتێکی زاڵ لە کۆمەڵگادا.

مات ماکدۆناڵد پێیوایە ئاسایش بریتییە لە هەست کردن بەوەی پارێزراوی نەوەک بە فیعلی پارێزراو بیت (٢٠٠٢: ٢٩٠). بەو شێوەیە ڕەوایەتی دەوڵەتەکان کەوتۆتە سەر توانایان بۆ ئەوەی وا لە خەڵکەکانیان بکەن هەست بکەن پارێزراون. ئەوە کارە لە ڕێگەی چی دەکرێت؟ پۆست ستراکچەرالیستەکان پێیان وایە ئەوە کاری زمانە، کاری گوتارە. جیهانی ماددی بوونی هەیە بەڵام ئێمە تەنها لەو جیهانە تێدەگەین لە ڕێگای زمان و گوتارەوە، لەبەرئەوە ئەولەویەت لە لای پۆست ستراکچەرالیستەکان بۆ دروست کردنی گوتاری جیهان تەرخان کراوە. ڕێبازدۆزی پۆست ستراکچەرالیستەکان جینیۆلۆجی و لێکهەڵوەشاندنەوە (deconstruction). جینیۆلۆجی شێوازێکی هزرییە تەعبیر لە پەیوەندییەکانی نێوان هێز و مەعریفەت دەکات. ئامانجی نووسینی دژە-مێژووە بۆ دەربڕینی مێژووی زاڵبوون و دوورخستنەوە و توندوتیژی. مەبەست لە لێکهەڵوەشاندنەوە یا تێکشکاندن، لەبەر یەک دەرهێنانی هەموو ئەو چەمکانەیە کە بە نەگۆڕ و جێگیر سەیرکراون. ستراتیژیەتێکی تەفسیرکردنە و هەروەها ڕەخنەیەکە دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی گریمانە باوەکان، لەوانە گریمانە و چەمکی 'ئەناركی' (دێڤیتاک، ٢٠٠٥: ١٦٨-١٦٩).

گریمانەی سەرەکی پۆست ستراکچەرالیستەکان بریتییە لە نەبوونی هیچ شتێک لە دەرەوەی جیهاندا. هەموو چاولێکردنەکان، سیستەمە تیۆرییەکان لە تیۆرە فیزیایی، کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان بەشێکن لەو جیهانەی تیایدا کار دەکەن و وە کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو جیهانەدا. هەروەک ژاک دریدا (١٩٧٦) دەنووسێت: هیچ شتێک لە دەرەوەی تێکستدا بوونی نییە'. وە پۆست ستراکچەرالیستەکان ڕەتی دەکەنەوە بتوانی خۆت لە جیهان بە دووربگری بۆ ئەوەی بتوانیت بابەتێکی دیاری کراو چاو لێبکەیی و شی بکەیەوە. نکۆڵی لە هەبوونی بنەما و دامەزراوەیەکی ئەبەدی دەکەن. پەیوەندیی نێوان مەعریفەت و هێز، مانا و کاری سەروەری بابەتی بەرهەڕەشەیەک دیاری دەکات.

گوتاری جیاواز لە سەر مەعریفەت و هێز دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تێگەیشتنی جیاواز لەسەر چەمکەکانی ئاسایش و سەروەری و بەرژەوەندی و هێز و دەوڵەت.

لە دیارترین نووسەرە پۆست ستراکچەرالیستەکان دەیڤید گامبڵ و دێر دێریان وکینتیا وێبەرن، دەیڤید گامبڵ (١٩٩٢) باس لە 'گوتاری ئابووریی' دەکات کە ناوەڕۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای داگیرکردووە. دێر دێریان (٢٠٠٠) ئاماژە بۆ 'جەنگە خەیاڵییەکان' دەکات. کینتیا وێبەر(٢٠٠٩) باس لە رەگ وریشەی سەرهەڵدانی چەمکەکانی سەروەری و دەستتێوەردان (intervention) دەکات.

## بەرەو تیۆری رەخنەیی ئاسایش

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، هەوڵەکان بۆ پێداچوونەوەی ئاسایش بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک گوتوبێژی گرنگ، ئەمەش بووە هۆی کۆکردنەوەی تیۆریزان و شارەزاکانی ئاسایش لە زۆربەی بەشەکانی جیهانەوە. لە دیارترین ئەوکارانە، کۆنفرانسێک بوو لە تۆرنتۆ لە کەنەدا لە ساڵی ١٩٩٤ بە ناوی 'ستراتیژییەکان لە ململانێدا: رێبازی رەخنەیی ئاسایش'. دواترکارەکانی ئەوکۆنفرانسە لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی 'لێکۆڵینەوەکانی رەخنەیی ئاسایش: چەمک وکەیسەکان' لە لایەن کەیس کراوس و مایکل وێلیامس لە (١٩٩٧) رێکخرا. ئەوکۆنفرانسە و دواتریش پەرتوکەکە بووە هۆی کۆکردنەوەی ئەوسکۆلارو شرۆڤەکارانەی ئاسایش کە تاڕادەیەک پەراوێزخرابوون. ئەوان پەراوێزخرابوون لە بەر سروشتی ئەوپرسیارانەی دەیانکرد، هەروەها ئەووەڵامانەی دەیانویست پێی بگەن. لە ڕاستیدا، زیاتر تیۆری رەخنەیی ئاسایش لەو کۆنفرانسەدا وەکو خواستێک دەرکەوت بۆ دوورکەوتنەوە لەو سنورانەی ئاسایش بە درێژایی ماوەی جەنگی سارد باو بوو، وە کۆنفرانسەکە کاری بۆ ئەوە دەکرد ئەو شەپۆڵ وهەوڵە نوێیە وەکو فۆڕمێکی رەخنەیی بناسێنێت.

تیۆری رەخنەیی ئاسایش بەرەو رووی هەرپێناسە کردنێک دەوەستێتەوە. هیچ پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوەکانی رەخنەیی ئاسایش نییە، وە هەر پێناسەیەکی لێکۆڵینەوەکانی رەخنەیی ئاسایش کۆمەڵێک شت دەربارەی ئەو پێگە و شوێنەی هەوڵی پێناسەکردنەکەی دراوە پێ دەڵێت (پیوپلیس و وێلیامس، ٢٠١٠: ٣). چونکە پێناسە کردنێکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوەکانی رەخنەیی ئاسایش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی کارەکانی تیۆریزانە رەخنەییەکان لەسەر ئەو شتانەی دەیانەوێت دووریان بخەنەوە. ئایدیای تەرخانکردنی پێناسەیەکی ئەبستراکت لەسەر هەر چەمکێکی نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لەو بابەتانەی تیۆریزانە رەخنەییەکان لە بنەڕەتدا رەخنەیان لێگرتووە. زاراوەی 'رەخنەیی' بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە روانگە کراوس و وێلیامس (x-xi :١٩٩٧) بەمانای

بەکارهێنانی زیاتر لە روانگەیەک بۆ دیسپلینکەکە دێت، نەوەک تەنها مەبەست لێ ناولێنانێکی تیۆری پووخت بێت.

تیۆری رەخنەیی ئاسایش وەکو دیسپلین لە روانگەی کین بۆتس (٢٠٠٧: ٣٠) بریتییە لە:

'لێکۆڵینەوەکانی رەخنەیی ئاسایش دیسپلینێکی لاوەکیە لە دیسپلینی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، پەیوەستە بە بەدواداچوونی مەعریفەتی رەخنەیی لەسەر ئاسایش. مەعریفەتی رەخنەیی پێشنیازی ئەو نۆرینە دەکات کە هەوڵی خۆ دوورخستنەوە لە ساختارە باوەکان و پرۆسە و ئایدیۆلۆژیا ئۆرسۆدۆکسییەکان دەدات، لە کاتێکدا دان بەوەدا دەنێت هەموو وێناندنێکی ئاسایش لە روانگە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی دیاریکراووەوە سەرهەڵدەدات یا مانا وەردەگرێت'.

تیۆریزانە رەخنەییەکان پێیان وایە دەوڵەت ئامرازی ئاسایشە نەوەک ئامانج، بەوشێوەیە نابێت ببێتە ناوەند و سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش. تیۆریزانەکانی کلاسیکی ئاسایش یەکەی شیکردنەوەکانیان دەوڵەت بووە، وە ئەو رۆڵانەی لە لایەن دەوڵەتەوە بینراوە. لای تیۆریزانە رەخنەییەکان ئەو جۆرە گریمانەی ریالیستەکان و تیۆریزانە کلاسیکییەکان زیاد لە پێویست 'ناریالیستییە'. چونکە ناکرێت ژیان و بەشی ناوەخۆی وڵاتەکان پشت گوێ بخرێت. پرسیارکردنی تیۆریزانە رەخنەکان لەسەر بابەتی بەرهەڕەشەکانی ئاسایش، جگە لە دەوڵەت، هاوتا بوو لەگەڵ پرسیارکردن لەسەر هەڕەشە و بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی هێزی سەربازی. لە ڕاستیدا، ئەو پرسیارکردنانە لەسەر 'ئاسایشەکانی' securities دیکە جگە لە ئاسایشی دەوڵەت، وەکو بابەتی ئاسایشی مرۆیی، دەرگای بەسەر پەردە لادان لەسەر ئەو بابەتانەی ئاسایش واڵا کرد کە لێکۆڵینەوەکانی کلاسیکی ئاسایش پشت گوێی خستبوون یا شاردبوونیەوە (کراوس و وێلیامس، ١٩٩٧).

وڵاتە بەهێز و سەقامگیرەکانی وەکو ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا رەنگە زۆر مەترسیدارانە بکەونە ژێر هەڕەشەوە نەوەک تەنها لە رێگای جەنگەوە، بەڵکوو لە بەرامبەردا، بە چەندین رێگای نوێوە دەکرێ ژیانی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە بەهێزانە بکەوێتە ژێر هەڕەشەوە (مۆتیمێر، ٢٠١٣). بەو شێوەیە، بە پرسیارکردن لەسەر بابەتی بەرهەڕەشەکانی ئاسایش، تیۆریزانە رەخنەییەکان پرسیاریان لەسەر چەمک و چوارچێوەی 'ئاسایش' کرد، لە دواجار لەسەر لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش وەکو بابەتێک. لە راستیدا، نیگەرانی تیۆریزانەکانی رەخنەیی ئاسایش بە تەنها لەسەر ئەوە نەبوو بابەتی بەرهەڕەشەیی دیکە هەیە و دەبێت ئاسایشیان پارێزراو بێت، بەڵکوو لەسەر کاریگەری خوێندنی ئاسایش بە

شێوەیەک تەنها گرینگی بە بابەتی هەڕەشە و بەکارهێنان و کۆنترۆڵی هێزی سەربازییەوبدات، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی پشتگیریکردن وڕەوایەتی دان بە هێزی دەوڵەت (مۆتیمێر، ٢٠١٣: ١-٩).

سەرەڕای ئەو ڕۆڵانەی ئەکتەرە ناودەوڵەتییەکان لە ١١ی سیپتەمبەر و دوای ئەووەوە بینیان، هێشتا زۆرێک هەن پێیان وایە ئاسایش بریتییە لە ئاسایشی دەوڵەت. چونکە تێستی هەر تیۆرێک لای تیۆریزانە ڕەخنەییەکان رزگاربوونە، تیۆری کلاسیکی ئاسایش ڕەت دەکرێتەوە لەبەرنەبوونی خواستی رزگاربوون، یا کەمتوانایی لە بەدیهێنانی بیرۆکەی رزگارکردنی تاکەکان لە دەست هەڕەشەکانی سەر ئاسایشیان، کە بەشی زۆری دەرەنجامی پابەندبوونێکی ڕەهاییانەیە بە ڕەوتی سیاسیی چەسپاو. لە راستیدا، هەموو هەوڵەکانی تیۆریزانە ڕەخنەییەکان لە بۆ تێکشکاندنی چەمک و گریمانە زاڵ و باوەکان و پراکتیزەکانی ئاسایش، بۆمەبەستی تێکشکاندن نییە، بەڵکوو بۆ دووبارە بونیادنانەوەیە؛ بۆ بیرکردنەوەیە لە ئەلتەرناتیڤی باشتر، بە جۆرێک بتوانێت ئاسایشی مرۆڤەکان پارێزراوتر بکات.

تیۆری رەخنەیی ئاسایش بە تەنها ڕەخنە لەسەربە سەنتەرسەیرکردنی ئاسایشی دەوڵەت وسێکتەری سەربازی ناگرێت، بەڵکو ڕەخنە لە شێوازی خوێندی کلاسیکیانەی ئاسایش دەگرێت، کە شێوازێکی بابەتەکیانە نییە. کاتێک ئێمە سەیری کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دەکەین کە دروستکراوی ئایدیا ونۆرم و بەهاکانن، ئەو ڕاستییە بە ئاشکرایی بەسەر دەوڵەتەکانیش جێبەجێ دەبێت. هەر لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەکانی رەخنەیی ئاسایش بە شێوازێکی پۆست پۆزەتیڤیستی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دادەنرێت.

قوتابی ئاسایش لە خوێندنی تیۆری رەخنەیی ئاسایش ڕووبەڕووی کێشەی دووسەرەی (dilemma) خوێندنی ئەو هەموو پرسە تیۆرییانە دەبێتەوە لەگەڵ جەختکردن لەسەر ئەرزی داکەوتەدا. شارەزاکانی ئەو بوارە پێیان وایە ئەوان پشت بە تیۆر نابەستن لەبەر خودی تیۆر، بەڵکوو لە پێناو سوود وەرگرتن لە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی دەوروبەرمان. لەبەرئەوە بۆ خەریکبوون لەگەڵ جیهانی سیاسەتدا هیچ شتێک لە تیۆرێکی باش باشتر و عەمەلیتر نییە. تیۆری رەخنەیی ئاسایش ڕەتی جیاوازییەکی توند لە نێوان تیۆر وواقیع دەکەنەوە؛ پێیان وایە تیۆر بریتییە لە واقیع و پراکتیز.

پرسیارێکی گرنگ لێرە سەرهەڵدەدات، ئایا ئێمە دەبێت ئاسایش بەوشێوەیە بخوێنین کە دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی سیاسەتەکانی پێشوو، کە زۆرجار قسە لەسەر ئاسایشی ملیۆنەها مرۆڤ ناکات؛ یا دەکرێت بڕیار بدەین ئاسایش بەو شێوازانە بخوێنین کە یارمەتیدەر دەبێت لەسەر تێگەیشتنی (نا)ئاسایشی هەموو مرۆڤەکان لە هەموو شوێنەکانی دونیادا، لەوانە کوردەکان؟ بۆزۆرێک خەڵک، یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ریالیزم ئەوەیە زیاتر پەیوەستە بە داکەوتەی ڕوداوەکان، وە باشترین

ڕێگاشە بۆئەوەی بتوانیت ببیت بە شارەزایەک توانای پێشکەش کردنی بەرچاوڕوونی وڕێ نیشاندانت بۆ دروستکەرانی بڕیار هەبێت. بەلام، دواجار ئەو گریمانە باوانە دەکەونە بەر ڕەخنەی تیۆریزانە ڕەخنەییەکانەوە. چونکە پێیان وایە بیرکردنەوەکانی کۆن لەسەر خەسڵەتە هەنووکەیی و نوێیەکانی ئاسایشی نیشتیمانی دەبێتە هۆی گەڕانەوە بۆکێشە کۆنە بێ چارەکانی ئاسایش. ئەوئامرازانەی تیۆرە کلاسیکییەکان پێشنیازی بۆدەکەن دەبێتە هۆی دڵنیا بوون لەوەی ئامەنجەکە هەمان جیهانی کۆنە، هەمان چەمکی نەگۆڕدراوی هۆبزیانە و میکیاڤیلیانەیە بۆ ئاسایش، وە ئەگەر تیۆری ڕەخنەیی ئاسایش بەوە بناسرێت دەیەوێت لە دەست گریمانە باوەکانی واقیعیەت دەربچێت، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە دەبێت چی بۆ مرۆڤەکان بێ بێت. بۆنموونە، چی بۆکوردەکان پێیە؟

چوارچێوەی کاری تیۆری ڕەخنەیی ئاسایش باشترکردنی هەل و مەرجە مومکینە سیاسییەکانە لەسەر پرسەکانی ئاسایش. لەبەر ئەوە یەکێک لە کارە هەرە سەختەکانی تیۆریزانە ڕەخنەییەکان ئەوەیە زۆربەی کێشەکانی ئاسایشی سەردەمی ئێستا دەرەنجامی ساختارە ناڕاستەکانن کە زۆر بە قووڵی ڕۆچوونەتە نێو تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگاکانەوە. بۆمامەڵە کردن لەگەڵ ئەوسەختییە، نابێت لە گریمانە و قسە کۆنەکان دەست پێبکەین. چونکە خودی چەمکە کۆنەکان بەشێکن لە قەیرانەکان. لێرەدا، کاری سەرەکی ئەو تیۆریزانانە بیرکردنەوەیە لە سات و زەمەنی پێش قەیرانەکان، بۆ بیرکردنەوەیەکی بونیادنەرانە لەسەر پابەندبوونە ئەخلاق و سیاسییەکان. هەموو ئەوانە یارمەتی تاکەکان دەدەن بۆرزگاربوون لە دەست ئەوساختارە ناڕەوایانەی بوونەتە مایەی قەیرانەکان (بۆتس، ٢٠١٠:٣٥٤).

## دەرەنجام

پۆست مۆدێرنیستەکان زۆرجار ڕووبەڕووی ڕەخنەی ئەوە دەبنەوە کە کارەکانیان جۆرێکە لە ئایدیۆلۆژیایەک. ڕەتکردنەوەی هەموو کارێکی پۆزەتیڤیستی و ئەزموونگەرایی، وە بانگەشەی ئەوەی هەقیقەت لای هیچ تیۆرێکی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا نییە، ئاگا وبێ ئاگا جۆرێکە لە بانگەشەی هەقیقەت. تیۆری ڕەخنەیی تا ئەوجێگەیە دەڕوا بانگەشەی ئەوە بکات هیچ ستانداردێکی گەردوونی بوونی نەبێت بۆ سنوردانان لە نێوان باشە و خراپەدا، وە ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پیادەی ئاسایشدا. گومان لەوەدا نییە تیۆری ڕەخنەیی ئاسایش بووە هۆی دەوڵەمەند کردنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش. یەکێک لەو کۆمەکە گرینگانەی بریتی بوو لە بیرکردنەوە لە دۆخی نائاسایش و نائەمنی تاکەکان؛ بیرکردنەوە لە ڕزگارکردنیان لە ڕێگای ڕەتکردنەوەی ئەو چەمک و ساختارانەی وەکو هەقیقەتێکی نەگۆڕ وەرگیراون. هەروەها تیۆریزانە ڕەخنەییەکان لە ڕێگای ڕەخنە

گرتنیان له تیۆره باوەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش، هەروەها له چەمک و گریمانەکانی وەکو سەروەری دەوڵەت، یەکپارچەیی خاکی وڵات، ئەنارکی و ململانێی هێز بوارێکیان بۆ تەرخان کردنی ئەلتەرناتیڤێک بۆ چارەسەرکردنی زۆرێک له پرسەکانی ئاسایش له پەیوەندیی بە سنوور و سەروەری وڵاتەوە نەهێشتۆتەوە. لەگەڵ ئەمەش، کارەکانیان، وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، بێ رەخنە نەبووە، وە هێشتا تیۆری رەخنەیی نەیتوانیوە پێگەی ریالیستەکان و لیبراڵەکان له داڕشتنی سیاسەتی گشتی وڵاتەکان لەق بکات.